# مهاتما غاندی  باوکی ڕۆحی هەموو نیشتمان پەروەرێکە  پێویستە بیناسین

مێژووناس/ناسر عەزیز هۆرامی
هۆڵەندا/لاهای
n_hawrami@hotmail.com

ئەم پیاوە نەمرە، لە بەرواری 1869/10/2هاتووەتە دنیاوە، وە لە بەرواری 1948/1/30 بەدەستی سیخێکی توندرەوەوە شەهیدکرا،ئەم نەمرە لەباتی هەموو تۆڵەسەندنەوەیکی لەو بکوژەی ئەم وتەیەبوو{کوڕم بۆمنت کوشت زەرەرت لە-خۆتوو لەگەلی هیندوو لە مرۆڤایەتیش دا} پاش ئەم وتەیە راستەوخۆ گیانی بە خوای مەزن سپارد، بەم شێوەیە زەرەرێکی گەورە لەمرۆڤایتیو لە کاری ڕامیاری جهانی کەوت.

لەخێزانێکی لادێی هاتوەتە دنیاوە، باوکی لەبواری دادپەروەری کاری کردوەو، هەر بریارێکی دابێت هەلوەشاندنەوەی نەبووە.،چوونکە لە ئەقلێکی جێگرو لەویژدانێکی زیندوەوە هەڵئەقولان،دایکێکی فەقیروو لەسەرخۆوی هەبوە.

غاندی هەر لە منداڵیەوە دەرکەوتوە،کە بلیمەتو ، زیرەکە.بۆخوێندنی باڵا، چوەتە بەریتانیاو لەوێ تەواوی کردوە،ئەویش وەکو باوکی یاساناسێکی بێوێنە بووە،هەمو ژیانی ئەم کەڵە پیاوە ،عەوداڵی شوێن ڕاستیو رەوانی بووە زۆرجار زیانیشی لێداوە .بەڵام ئەم ئەوزیانەی لەو ڕێگەیەدا وەک خەڵات هەڵسەنگاندوە.

لەتەمەنی 13ساڵیدا ژنی هێناوە لەتەمەنی 16ساڵیدا بوە بەباوک، ژیانێکی میهرەبانی لەگەڵ خێزانەکەیدا بردوەتە سەرخوهێندەوارێکی یەگجار زیرەک بووە. ئەو کتێبانەی کە ئەوخوێندوویەتیەوە ،لە خەزێنەی ڕۆشنبیری خۆیدا کاری پێکردوون.هەرەگرنگەکانیان ئەمانەن...سروودی تۆباوی..موعضه الجبل...هەتا پیاوی کۆتایی لەنوسینی[جۆنراسکین]خۆتان ڕزگار بکەن لەنووسینی[تۆلستۆی]..زۆر سەرچاوەی تر کەلێرەدا پێویست بە نووسینیان ناکات.

بیرو باوڕی ئەم پیاوە نەمرە، شۆڕشی ئاشتی گەرانە بوو، بەرامبەر بە داگیرکەران، ڕسواکردنیان و هەتا خۆیان بێز لەخۆیان بکەنەوە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت، کە غاندی باوەڕی بە شۆڕشی جەکداری نەبوە، بەڵێ باوڕی پێی هەبوە. بەڵام لەلای ئەو کۆتایی ترین چارەسەر بوە،.ئەو هەلوێستانەی کە بەکاری هێناون، خۆپێشاندانی هێمنانە، نارەزایی دەربڕیین بەرامبەر بە داگیرکەر، زۆرجاریش داگیر کەران، توندوتییژییان بەرامبەر بە هاوڕێکانی غاندی بەکار هێناوە، بەڵام ئەمان هەر لەسەر بیروباوڕی خۆیان، جێگروو کەسایەتی خۆیانیان پاراستووە .هەتا دوژمن وای لێهاتووە کە خۆی زۆربە بچووک بزانێت،بەرامبەر ئەمان،زۆرجار دووژمن بە تێلاو بەگوللە وەلامیانی داوەتەوە، بەلام ئەمان هەر لەسەر هێمنی خۆیان هەر بەردەوام بوون.تا وای لێهات دوژمنیان وا لێکرد، کە ویژدانی گشتکات ئازاریان بدات، هەست بەکەمیوو سووکی خۆیان بکەن، بەرامبەر هیندییەکان.جۆرێکی تر لە کارەکانی یان، شێوەکانی غاندی دابران، لە دووژمنوو قسە نەکردن لەگەڵیاندا، جوابی قسەکانیان نادەنەوە، ...جۆرێکیتر بەگار نەهێنانی شتوومەکی کارگەکانی ئینگلیز. پشت بەستن بە بەرهەمی خۆماڵی ،هەچەندە سادەو ساکاریش بوو،هانی هاوڕێکانی ئەدا، کە خۆیان پێداویستیەکانی خۆیان درووست بکەن،پێش هەموویان خۆی جلووبەرگی

خۆی درووست دەکرد،هەرگێس بەرهەمی بێگانەی بەکار نە ئەهێنا،جلووبەرگی خۆیشی لە هیی سادەترین هیندی جوانتر نەبوو، رەفتاریشی هەر وەکو خەڵکێکی سادە بوو.ئەوەی بیویستایە بەخەڵکی بڵێ، پێش هەموو کەس لەسەر خۆی ئەسەپاند[تطبیق] ئەکرد ئینجا، بەخەڵکی ڕائەگەییاند، خەڵکیش بەبێ یەکوو دوو ئامادە باش بوون، بۆ فەرمانەکانی.هەر بەو شێوەییەش خەڵکی هیند هەڵیان بژارد، بە سەرۆکی خۆیان.

نەخانووی هەبوو.، نە پارەی هەبوو، بەکوتی ئەویێش فەقیرێک بوو ،لەو فەقیرانەی هیند.کە سەهیدیشیان کرد تەنها ئەو پارچەقووماشەی لێ بەجێما، کە بەخۆیەوە پێچابوو، وەکوو هەموو هیندێکی فەقیر. بەڵام کەسایەتیو گەورەیی ئەو پیاوە، گەورەترین ئیمپراتوریەتی دنیای هێنابوویە زەلزەلە، کە خۆشیان نەیان دەزانی ،جیی بەرامبەر بکەن غانی حیمایەی نەبوو، بەڵکوو گەلی هیند بەگەورەو بجووکەوە، ئامادە بوون خۆیان لە پێناویدا بە کووشت بدەن.

بەڵێ شەهید بوو. بەڵآم ئێستاو ئەوساش و هەتا ئەم دنیایە ماوە، کۆن دەبێت گاندی هەر زییندوەو بییرۆکەکەشی باشتریینە[ئەم شارەی کە منی تیام [لاهای]لە هۆڵەندا جەندین شوێنی تیاییە بە ناوی مهاتماغاندییەوە، کە بەشەرییت گشت فەخروو شانازی پێووە ئەکات.کە ناوی غاندی ت هێنا هەرچی گەندەڵوو، خۆفرۆشوو، فاییل پیسوو، ئەوانەی کە چاک خۆییان، ئەناسن دڵییان دێتە لەرزە.،پاش ئەوەی کەیاسای تەواو کرد بڕیاری دا، تەنها بۆ ماوەی ساڵێک بچێتە ئەفەریقای باشوور، بۆ ئیشکردن بەڵام کە جاوی بەچەوساندنەوەی داگیر کەران کەوت. بەرامبەر بە ڕەش پێستەکانو، بەرامبەر ئەو هیندییانەی، کە داگیرکەر هێنابوونی، بۆ ئیشکردن لە کارگەکانیاندا، بڕیاری دا جارێک نەگەڕێتەوە بۆ هیند، بۆ بەرگری کردن بەرامبەر چەووسا–نەوەی داگیر کەر.

مانەوەکەشی لە سالێکەوە درێژ کردەوە هەتا 22ساڵ،ئەو ئێشەگرنگانەی کە لەوێ درێژەی پێدا دژی داگیرکەری ئینگلیز گرنگەکانیان ئەمانە بوون :_

1–گەرانەوەی باوەر بۆ ئەو هیندیانەی کە لەوێ ئیشیان ئەکرد وە نەترسانیان بۆ داواکردنی مافە رەواکانیان.

2–درووست کردنی پارتێک بەناوی[گۆنگرەی هیندی لینتال] بۆ بەرگری کردن لە مافەکانیان

3–دامەزراندنی ڕۆژنامەیێک بەناوی[ڕای هیندییەکان] کە بیروو باوەڕی شۆڕشی ئشتیانەی تیا بڵاو دەکرایەوە.

4–بەربەرەکانی کردنی ئەویاسایەی کە هیندییەکان نەییان دەتوانی  دەنگ بدەن.

5–بەرگری کردنی ئینگلیز بۆ نەناردنی هیندییەکان بۆ باشووری ئەفەرییقیا.

لەسالی 1915گەڕاییەوە بۆ هیندوو درێژەی دا بە خەباتی خۆی  هەتا شەهییدیان کرد ،بەڵام ئێستاش لەسا زئئندووترەو

مرۆڤاییەتی فەخروو شانازی پێووە ئەکات جاشوو گەندەڵوو خۆفرۆش لەناوەکەی ئەتۆقن